# سیناریۆ پێشبینیكراوەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆژەی قەتەر لە ناوچەی كەنداو



د. موعتەز سەلامە

سەرۆكی بەشی توێژینەوەكانی كەنداو لە سەنتەری (الاهرام) بۆ توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی.

FOCUS

ئەو بڕیارەكەی هەر شەش دەوڵەتی عەرەبی (سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، میسر، یەمەن، لیبیا) لە ڕۆژی 5ی حوزەیرانی 2016 دەریانكرد سەبارەت بە پچڕاندنی پەیوەندیە دیپلۆماسی و ئابورییەكانیان لەگەڵ قەتەر، كۆمەڵێك پرسیاری وروژاندووە تایبەت بە سیناریۆ پێشبینی كراوەكانی ڕۆڵی قەتەر لە قۆناغی داهاتوودا. دەكرێت لەم ڕوانگەیەوە (3) هۆكاری سەرەكی بۆ ئەم قەیرانە دیاری بكەین، كە لە دوای لوتكەی كەنداو – ئیسلام – ئەمەریكا لە مانگی ئاداری 2017 تەقیەوە، بە تایبەتی پاش ئەو لێدوانە دوژمنكارانەی كە خرایە پاڵ شازادە تەمیم، كە پاڵنانە بە دەستپێكردنی گەڕێكی تازەی بێوێنە لە مێژووی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو:

## هۆکاری یەکەم: دیواری بەرگری و وێستگەی لێکچواندنی نێوان قەتەرو تیرۆر

کاتێك پرۆژەی قەتەری گەیشتە ئەو دیوارە بەرگرییەی کە تەواو لەگەڵ تیرۆردا وێکدێتەوە، ئیتر ئەم جۆرە هەڵوێستە لە وتارو لێدوانەکانی شـازادە تەمیم لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لوتکە عەرەبییەکاندا روون بۆوە، کە تیایدا هاوسۆزی زۆری بۆ هێزو گروپە تیرۆریستییەکان دەربڕیوە و داوای کردووە ئیعتیبار بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە دابنرێت، کە ئەم تاقم و گروپانەی دروستکردووە. ئەم وتارانە قەتەر-یان خستە سەر رووبەرێکی نزیك لە رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك «داعش، قاعیدە، بەرەی نوسرە» و هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە لەناو وێنای ئیسلامی قەتەرو ئیسلامی داعش و قاعیدە نەمایەوە، هەر ئەو وتـارەش بوو لەم ساڵانەی دواییدا کەناڵی (جەزیرە)ی قەتەری بێتە دەنگێکی دیماگۆجیانە، کە ئایدیۆلۆژیایەك لەسەر حسابی پێشەییبوون ئاراستەی کردووە، ئەمەش بە روونـی دەرکـەوت کاتێك تیرۆریزم دەستیکرد بە پەلاماردانی لەندەن، پاریس، بەرلین، نیویۆرك و مۆسکۆ، جگە لە پەلاماردانی پایەختە عەرەبییەکان.

لە سایەی بارودۆخێکی ئاوادا، بۆ شانشینی سعودیە یەکلا بۆتەوە کە سیاسەتی قەتەر هەنگاو دەنێت بەرەو چەند هاوپەیمانێتییەکی مەترسیدار لەگەڵ هێزەکانی تیرۆرو ئیسلامی سیاسی و تورکیا. جموجووڵی سعودیە خێرا بـوو، گەڕێکی تـەواو سـوڕایـەوە بۆ کۆنترۆلکردنی گۆڕەرە سیاسییەکان سەبارەت بە پرۆژەی قەتەری. بەیاننامەی دەوڵەتانی سعودیە، ئیمارات و بەحرەین لە بڕیارەکانیان بە پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ قەتەر ئاماژەیان تێدایە بۆ ئاراستەکردنی تۆمەتی راستەوخۆ بۆ قەتەر بە سەرپەرشتی کردنی تیرۆر.

## هـۆکـاری دووەم: بەریەککەوتنی هێڵی ستراتیژی قەتەرو پرۆژەی سعودی

بە درێژایی دوو دەیەی رابردوو پرۆژەی قەتەری فراوانتر بوو لەسەر حسابی رۆڵی هێزە هەرێمیە گەورەکانی ناوچەکە بە دیاریکراوە (میسرو سعودیە)، ئەمەش لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر یارمەتی ئاراستەی ئیدارەی بوشی کوڕی دا. لە دوای ساڵانێك ئیتر

> بە درێژایی دوو دەیەی رابردوو پرۆژەی قەتەری فراوانتر بوو لەسەر حسابی رۆڵی هێزە هەرێمیە گەورەکانی ناوچەکە بە دیاریکراوە (میسرو سعودیە)، ئەمەش لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر یارمەتی ئاراستەی ئیدارەی بوشی کوڕی دا

کۆنترۆڵکردنی دیپلۆماسیەتی قەتەر ئاسان نەبوو. کاتێك سعودیە دەستی بە داڕشتنی پرۆژە سیاسیەکەی و تێڕوانینی ستراتیژی بۆ ساڵی 2030 کرد، راستەوخۆش دەستیکرد بە تۆکمەکردنی جومگە سەرەکییەکانی دۆخی ناوخۆی وڵاتەکە و جموجووڵی دەستپێکرد بۆ زیـادکـردن و هەمەجۆرکردنی هاوبەشی و هاوپەیمانێتیە جیهانییەکانی، ئەوەبوو ناچوونیەکی و نابەرامبەری رۆڵی قەتەر لەگەڵ خواستی شانشینی سعودیە دەرکـەوت. لە راستیدا قەتەر لەناو جەرگەی پرۆژەی ئیخوانی - تورکی کاریکرد بۆ بێدەنگ کردنی سعودیە، ئەمەش کاریگەرێتی پرۆژەی قەتەری لە پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی گروپە چەکدارییەکان و هێزو تۆڕە تیرۆریستیەکانی لەسەرشانی عەرەبستانی سعودیە قورستر کرد. کاتێك دەسەڵاتی سعودیە هەستی بەمە کرد هەڵوەستەی جددی کردو رووبکردە ئەنجامدانی رێککەوتنێکی گـەورە کە دووبـارە شادەمارەکانی هاوپەیمانێتی ستراتیژی نێوان کەنداو – ئەمەریکای بوژاندەوە، کە لە بنەڕەتدا لەسەر دوو پایەی سەرەکی وەستاوە: بەرەنگاربوونەوەی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم.

قەتەر بەهۆی بەردەوام بوونی لەسەر پلانەکەی بۆ پشتیوانی کردنی

تیرۆرو ئاشکراکردنی دوایین هەڵوێستی لە بەرامبەر ئێران، تووشی بەرکەوتن بوو لەگەڵ پرۆژەو دیدگای نوێ ۆ پلانی ستراتیژی شانشینی سعودیە، هەروەها تووشی بەریەککەوتن هات لەگەڵ پەیوەندی کەنداو بە جیهانەوە لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەوترێت (سەودای سەدە)، ئەمەش لە ڕاستیدا پێویستی بە کاردانەوەیەکی سیاسی توند هەبوو، چونکە بەلای لێپرسراوانی سعودیەوە ئەم ئاراستەیەی قەتەر پرۆژەی نوێی سعودیە لەبار دەبات و بە تەواوەتی شکستی پێدەهێنێت. هۆکاری سێیەمیش بۆ کاردانەوە بریتییە لە هەڵاچوون لە بەڕێوەبردنی قەیران بەهۆی هەبوونی ئاماژەکانی دنەدان و بەکەمزانینەوە، واتە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە قەیرانەکەی گەیاندۆتە لوتکەو پێویستی بە کاردانەوەی دیپلۆماسی توند کردووە، بریتییە لەو مامەڵە هەڵچووانەی قەتەر لە سایەی گەرمبوونی قەیرانەکەو هەڵسوکەوت و لێدوان و هەڵوێستە نادۆستانەییەکانی لە بەرامبەر سعودیەو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.

لە لێدوانەکانی شازادە تەمیم بن حەمەد بە ڕوونی دیارە ئاماژە دەکات بە بەهێزی پەیوەندی وڵاتەکەی لەگەڵ ئێران، لە کاتێکدا تەمیم پێیوایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هێزێکی گەورەیەو بووەتە مایەی پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، هەروەها لە لێدوانەکانیدا باسی گرنگی بنکەی سەربازی (ئەلعەدید)ی کردووەو پێیوایە ئەو بنکەیە قەتەر لە دراوسێکانی دەپارێزێت. شازادەی قەتەر لە یەکێك لە لێدوانەکانیدا هێرش دەکاتە سەر شانشینی سعودیەو دەڵێت: «مەترسی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی هەندێك لەو وڵاتانەی کە بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆر لە ڕێگەی وێناکردنی کۆپیەکی توندڕەوانەی ئیسلام»، کە مەبەستی عەرەبستانی سعودیەیە.

هەموو ئەم ئاڵۆزی و گۆڕانکارییە نائاساییانە ئاماژەن بۆ قورسی پێکەوەژیان لەگەڵ قەتەر، کە دەیەوێت پارێزگاری بکات لە شوێنپێی لەناو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوو لە دەرەوەی ئەو ئەنجومەنەش، لە ڕێگەی کارکردنی بۆ پرۆژەیەك کە هەڕەشە لە دەوڵەتانی تری کەنداو دەکات. بۆ نموونە ئەگەرچی سەڵتەنەتی عومان سیاسەتێکی جیاوازی لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو پەیڕەو کردووە، بەڵام لە سنورو چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەرنەچووە، بە تایبەتی کە عومان لەپێش دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکاری و بەئەندامبووانی تیایدا بە دیدو ئاڕاستە تایبەتییەکانی ناسراوە. بەڵام قەتەر بەپێی دیدو بڕواکانی شازادە گەنجەکەی و پێشتریش دیدو بڕواکانی باوکی (حەمەد بن جاسم)ن کە لە دژی شانشینی سعودیە بوو، بۆ خۆی زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوی ئەمیرەکانی دۆحە نیشاندەدات لە شێوەی هەڵسوکەوتی ناجۆری دراوسێی بچوك لە بەرامبەر دراوسێی گەورەدا.

## سیناریۆکانی قەیرانەکە

پێدەچێت قەیرانی ئێستا لە ڕووی جۆرییەوە لە هاوتاکانی پێشخۆی جیاوازە، کە لە سایەی سیاسەتەکانی پاشای کۆچکردووی سعودیە (عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز) لە ساڵی 2014دا تەقینەوە، کە بەو هۆیەوە هەریەکە لە سعودیە، ئیمارات و بەحرەین باڵیۆزەکانیان لە قەتەر کشاندەوە. ئەو ڕێکارانەی لەلایەن سعودیەو ئیمارات و بەحرەین لە دژی قەتەر گیرانەبەر، هەموو ئاستەکانی خوار ئاستی سەربازی گرتۆتەوە، تا ئەندازەی کارکردن بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابوری، کە زۆر بە خێرایی کاریگەرییەکانی لە ناوخۆی قەتەر بەدەرکەوتن، لە لایەکی تریشەوە قەیرانەکە گەیشتۆتە ئاستی هەڕەشەی سیاسی هاوبەرامبەر، بەڵکو گەیشتۆتە ئاستی هەڵمەتی توند لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانەوە لە نێوان قەتەرو دەوڵەتە نەیارەکانیدا بە ڕابەرایەتی شانشینی سعودیە. لە سایەی ئەم بارودۆخەدا (3) سیناریۆی پێشبینیکراو بۆ پەرەسەندنی قەیرانەکە لە ئارادایە، بەمشێوەیە:

### 1. ڕوودانی گۆڕانی ستراتیژی لە سیاسەتی قەتەر (گۆڕانی هەڵسوکەوت):

لە بۆتەی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی ئێستا سەریهەڵداوە، تەنها بەڵێنەکانی شازادە تەمیم نەس نین بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانەکە لە ڕیشەوە، وەکئەوەی لە قەیرانی ساڵی 2014 ڕوویدا. ئەمجارە هەڵوێستی سعودیەو ئیمارات مەرجی جێبەجێ کردنی ڕێکارەکان هو بەڵێنەکانی قەتەر بەپێی خشتەیەکی زەمەنی لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە وەك دەرکردنی بەیاننامەیەکی سیاسی لە شێوەی ڕاگەیاندنی داوای لێبوردن لەلایەن قەتەرەوە، کە تیایدا خۆی بێبەری بکات لە ئاراستە هەڵەکانی و پرۆژەکەی دژ بە کەنداو، هەروەها دەبێت

هەڵوێستی فەرمی خۆی لە بەرامبەر ئێران ڕابگەیەنێت، لەگەڵ گۆڕینی شێوازی پەخشی کەناڵی جەزیرە لە ڕووی هەڵوێست و ناوەرۆکەوە، بەڵکو پێدەچێت داوا بکریضت ئەو کەناڵە بە تەواوەتی دابخرێت، ئەمە جگە لە هەڵنانی چەند هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندی قەتەر لەگەڵ هێزە تیرۆریستییەکان و گروپە چەدارییەکان و دەرکردنی ئەندامانی ئیخوان موسلمین لە قەتەر، کە دەستیان بەسەر جومگە سەرەکییەکانی سیاسەت و ڕاگەیاندن و دیین گرتووە و داوای ئەوەشیان کردووە ئەوانە ڕادەستی وڵاتەکانیان بکرێنەوە.

## 2. دۆزینەوەی کەسێکی ئەڵتەرناتیڤ لەناو بنەماڵەی (ئال سانی):

ئەگەر سیاسەتی قەتەر بۆ ماوەیەکی تر لەسەر ئەم نەزمەی ئێستای بەردەوام بێت و ئاماژە دوژمنکارانهییەکانی دۆحە لەسەر ئاستی سیاسی و میدیایی لە بەرامبەر شانشینی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی بەردەوام بێت، قەیرانەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت. بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئال سانی لە قەتەر لەناو خۆیدا ئەڵتەرناتیڤی لە کوڕەکانی شازادە حەمەد دەستنیشان کردووە، کە لە شازادە تەمیم زیاتر جێی قبوڵکردنە. لێرەدا پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسی لە قەتەر پابەندە بە بنەماکان و میکانیزمەکانی گواستنەوەی دەسەڵات، کە دراوە بە ویلایەتی پاشایەتی لەو وڵاتەدا. لە سایەی ئەم بارودۆخەدا دوور نییە کە فشارەکانی ناو بنەماڵەی دەسەڵاتداری (ئال سانی) بگاتە ئاستی هاندانیان بۆ پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤ لە لقێکی تری بنەماڵەکە لە دەرەوەی بازنەی کوڕەکانی شازادە حەمەد. لە دوای ئەو ڕووداوانە بەدوور نازانرێت کە بەیاننامەی داوای لێبوردن لەلایەن باڵی ئەحمەد بن عەلی ئال سانی (کوڕە مامەکانی تەمیم) پێشکەشی سعودیە بکرێت. لە لایەکیترەوە زانیارییەکان کە ئاماژە دەکەن بۆ بەستنی پەیوەندییەك لە نێوان شازادە حەمەدو (عەبدوڵلا)ی برای شازادە تەمیم، کە جێگری شازادەی فەرمانڕەوایە.

3. هەڵکشانی ڕێکارە بەناچارییەکان (جموجووڵی ڕوبەڕوبوونەوەی سەربازی):

ئەمەشیان سیناریۆیەکی پێشبینی کراوە ئەگەر بێتو قەتەر بەردەوام بێت لەسەر پلانە سیاسیەکەی خۆی بەبێ گـۆڕان، بە تایبەتی ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە کەناڵی ئاسمانی (الجزیرە)و سیاسەتە ئاراستەکراوە دوژمنکارییەکەی لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، یان ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر نزیکبوونەوەی لە ئێران، بە تایبەتیش ئەگەر بـەردەوام بێت لەسەر جۆشدانی کەتائیبە ئیخوانییەکان لە ڕووی میدیایی و سیاسییەوە، کە پاڵنەرە بۆ هەنگاوانی بەرەو نیشاندانی هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەو لەخۆوە هەڵچوانە لە بەرامبەر شانشینی سعودیەو ئیمارات، کە هۆکاری سەرەکیە بۆ هەڵخلیسکان و لادانی زیاتری قەتەر بەرەو پرۆژەیەکی ڕادیکالی دژ بە دەوڵەتانی کەنداو.

بەدوور نازانرێت کە ئەم ئاماژەنە لە پاڵ هەوڵەکانی سعودیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی بەزۆر لەناو قەتەر، هەنگاوێك بێت لە ڕێگەی چەند ڕێکارێکی دیاریکراو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لە سایەی چەند ڕێکارێکی نوێدا، کە تیایدا دەکرێت بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە قەتەرەوە بگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتێکی تری کەنداو، بەو شێوەیەش خزمەتگوزارییەکانی قەتەر بۆ ئەمەریکا بێ بەها دەبێت و پەیوەندی تایبەتی و ئەو پارێزگارییەی ئەمەریکا پێشکەشی سیستمی دەسەڵاتی قەتەری دەکات کۆتایی پێدێت، لەم حاڵەتەشدا دەکرێت پێشبینی پشتیوانی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لە قەتەر بکرێت، کە ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن باڵێکی تری بنەماڵەی (ئال سانی).

ماوەتەوە بڵێین ئەو سیناریۆیانەی باسکران، سیناریۆی ئەگەری پاشەکشەکردنی دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە هەڵوێستەکانیان لە هەمبەر قەتەر ناگرێتەخۆ، لەسەر ئەم بنەمایەی کە بوونی ئەم جۆرە هەڵوێستە لە چوارچێوەی ئەم قەیرانەدا تەواو ئەگەرێکی دوورە.

* د. موعتەز سەلامە – سەرۆکی بەشی توێژینەوەکانی کەنداو لە سەنتەری (الاهرام) بۆ توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی.

## سەرچاوە:

گۆڤاری (سیاسەتی نێودەوڵەتی)

12098/106/http://www.siyassa.org.eg/NewsContent/2